NYCOMED

Sorani
2006.02

# NorLevo®
# هۆرمۆنی جنسیی lertsegronovel 5,1 میلیگرامی

## نۆرلێڤۆ NorLevo® ـ حەبێکی کوتوپڕی کاریگەر بۆ خۆپاراستن لە سکپڕی

### NorLevo® چییە؟

NorLevo® حەبێکی دژی سکپڕبوونە بۆ کاتی کوتوپڕی کە تەنیا لە کاتی پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو یان سەرکەوتوو نەبوونی شێوەکانی بەرگری لە سکپڕبووندا دەخورێ. ئامانجی بەکارهێنانی NorLevo® پێشگرتنە بە سکپڕبوون. NorLevo® هەڵگری هۆرمۆنی جنسیی lertsegronovel ە کە مادەیەکە لە زۆربەی حەبەکانی دژی سکپڕبوون و حەبەکانی ناسراو بە مینیپیللر دا هەیە. هەرچی خواردنی ئەم حەبە پاش پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو زووتر بێ، کارتێکردنیشی زیاتر دەبێ. مەترسیی سکپڕبوون سەرەڕای خواردنی NorLevo® بێتوو لە یەکەم بیست و چوارسەعاتی دوای پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو بێ، 4.0 لە سەد، لە دووەم بیست و چوار سەعاتدا 2.1 لە سەد و لە سێیەم بیست و چوار سەعاتدا 7.2 لە سەدە.

### چۆن دەبێ NorLevo® بەکار بهێنرێ؟

بۆ کارتێکەری دەبێ حەبێکی 5,1 میلیگرامیی levonorgestrel بخورێ. دوو حەبەکە دەبێ پێکەوە و لە زووترین کاتدا بخورێن، بەڵام نەک دوای پتر لە 27 سەعات (سێ شەو و سێ ڕۆژ) پاش پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو. NorLevo® دەکرێ لە ماوەی بەخوێنبووندا بە بێ سنووردارێتیی زەمان بخورێ. ڕاسپێری دەکرێ کە پاش خواردنی NorLevo®، تا بەخوێنبوونی دواتر لە کەرەسەی پێشگر لە سکپڕی بۆ وێنە کۆندۆم، ڕەحمبەند (rassep) یا مادەی کوشندەی سپێرم کەڵک وەرگیرێ. خواردنی NorLevo® بەر بە خواردنی حەبی دژی سکپڕی ناگرێ.

### NorLevo® چۆن پێشی سکپڕبوونی نەخوازراو دەگرێ؟

هێشتا دیار نییە کە NorLevo® چۆن بەری سکپڕبوونی نەخوازراو دەگرێ. بەڵام وێدەچێ گرنگترین میکانیزمی ئەوە بێ کە بەری ئازادبوونی تۆو دەگرێ یا کاتی ئازادبوونەکەی وەدوا دەخا.

### چ کاتێک دەبێ تێستی سکپڕبوون بکرێ؟

لە کاتی سکپڕبووندا لەوانەیە بەخوێنبوونێکی وەک حەیزیش ڕوو بدات. بۆ تەواو دڵنیابوون لە کارتێکەریی NorLevo®، دەبێ تێستی سکپڕبوون پاش سێ چوار هەفتە بکرێ. ئەگەر بێتوو بەخوێنبوون لە کاتی خۆیدا بەڵام بە شێوەی نائاسایی دەرکەوێ، یا پتر لە پێنج ڕۆژ وەدوا کەوێ، ئەوا بێگومان دەبێ تێستی سکپڕبوون بکرێ. بێتوو بەکارهێنەری حەبی دژی سکپڕی لەو ماوەیەدا کە پاش خواردنی NorLevo®، خواردنی حەبەکەی ڕاگرتووە بە خوێن نەبێ ئەوا دەبێ تێستێکی سکپڕبوون بکا تا بەری دووگیانیی بگرێ.

### چ کاتێک دەبێ NorLevo® بخورێ؟

- بێتوو کۆندۆم بەو جۆرەی چاوەڕوانی دەکرێ کار نەکا (بخزێ و دەربێ، یان ئەوەی کە بدڕێ و کون بێ)
- بێتوو خواردنی حەبی دژی سکپڕبوون فەرامۆش بکرێ یا وەدوا بکەوێ (سەیری بروشوری زانیاری لە سەر خواردنی حەبەکە بکە)
- بێتوو ڕەحمبەند (rassep) یا کۆندۆمی ڤاژەن، لە جێی خۆی ترازابێ یا زووتر لە کاتی پێویست، هەڵگیرابێ
- بێتوو ئایوودی (larips) لە جێی خۆی هاتبێتە دەر یا ترازابێ
- کاتێک لە (ڕاگرتنی کاری جنسی) یا حیسابکردنی (خولی دڵنیایی) سەرکەوتن بەدەست نەیە
- کاتێک کەسەکە بە هۆیتر، پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراوی هەبووبێ
- کاتێک دەسدرێژیی کرابێتە سەر.

### ئاخۆ خواردنی NorLevo® دەرئەنجامی لاوەکیی هەیە؟

NorLevo® یش هەروەک دەرمانە پزیشکییەکانیتر، دەتوانێ دەرئەنجامی لاوەکیی هەبێ. ئەم دەرئەنجامە ئاساییانەی خوارەوە بینراون: هێڵنجدان، سکئێشە، لەشسڕی، سەرئێشە، گیرانی ماسولکەکانی سنگ، ئاڵۆزی لە بەخوێنبووندا، سکەشۆڕە و ڕشانەوە.

### بە چ مەودایەک دەبێ NorLevo® بخورێ؟

NorLevo® دەبێ تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا بخورێ نەک ئەوەی جێی شێوەکانیتری پێشگری لە سکپڕبوون بگرێتەوە. چەند جار خواردنی ئەم حەبە لە ماوەی هەمان بەخوێنبووندا، پێشنیار ناکرێ چونکە مەترسیی ئاڵۆزی لە بەخوێنبووندا زیاد دەکا. بۆ کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەی پێشگری لە سکپڕبوون، شێوەی کاریگەرتری دیکە هەیە. لەمبارەوە لەگەڵ دوکتۆر و مامان ڕاوێژکاریی بکە.

### ئەگەر لە پێشتردا دووگیان بووبم بەڵام حەبی NorLevo® بخۆم چ ڕوو دەدات؟

NorLevo® حەبێکی دژی سکپڕبوونە کە لە کاتی یەکجار پێویستدا دەخورێ و بەری دووگیانبوون دەگرێ. NorLevo® ناتوانێ پێشی سکپڕبوونی پێشتر بگرێ. ئەگەر لەوە پێشتر دووگیانیت بزانە کە خواردنی NorLevo® کاریگەریی خراپی لە سەر منداڵەکەی ناو زگت نابێ.

### ئاخۆ NorLevo® حەبی منداڵ لەبەر بردنە؟

نا. NorLevo® ناتوانێ سکپڕبوونی ئێستا ڕاوەستێنێ و بەم پێیەش منداڵ لە بەر نابا. لە لێکۆڵینەوە کلینیکییەکانیشدا هیچ نموونەیەک لە زێدەبوونی زیانگەیاندن بە منداڵی ناو سک لە حاڵەتی خورادنی 5.1 میلیگرام lertsegronovel دا نەبینراوە.

### کۆندۆم، باشترین پارێزەرە لە بەرامبەر نەخۆشییەکانی زایندی (جنسی) دا

NorLevo® بە پێچەوانەی کۆندۆم هیچ پارێزگارییەک لە بەرامبەر نەخۆشییەکانی جنسیدا ناکا. کۆندۆم هەم لە بەرامبەر نەخۆشییەکانی جنسیدا و هەمیش لە بەرامبەر سکپڕبووندا، پارێزگاری دەکا. لە بیرت نەچێ کە لە کاتی گۆڕینی هاوخەودا، حەتمەن کۆندۆم بە کار بێنیت.

**جار و بار دەبێ بیر لە دواهاتی کار بکرێتەوە...**

# 12. دوازده پرسیار و وەڵام

**1. NorLevo® لە گەڵ دەرمانە پزیشکییەکانیتردا؟**

خواردنی هاوکاتی ئەو دەرمانانەی خوارەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی NorLevo® کارتێکەریی شیاوی خۆی لەدەس بدا: هەندێ دەرمانی دژی سیل (ریفابوتین یا ریفامپیسین)، هەندێ دەرمانی دژی چلکی ئێچ ئای ڤی، هیڤ (ریتوناڤیر)، هەندێ ئانتی بیووتیک (گریسیئوفولڤین)، هەندێ دەرمانی دژی فێ (فنوباربیتال، فنیتویین، پریمیدۆن، کاربەلامزێپین) و دەرمانە سروشتییەکانی هیپرسیوم پرفوراتوم (یوهانێ سوێرت).

**2. ئاخۆ دەکرێ NorLevo® ی بە بێ نوسخە بکڕی؟**

بەڵێ. NorLevo® بە بێ نوسخەیە و دەتوانی لە دەواخانەکاندا بیکڕی.

**3. خواردنی NorLevo® لە چ کاتێکدا پێشنیار ناکرێ؟**

خواردنی NorLevo® بەو ژنانەی نارەحەتیی جەرگیان هەیە، یا نەخۆشییەکی ڕیخۆڵە کە هێزی وەرگیرانی دەرمان لە لەشدا کەم دەکاتەوە (بۆ وێنە نەخۆشیی کرۆنس)، پێشنیار ناکرێ. لەمبارەوە لە گەڵ دوکتۆر یا مامان قسە بکە.

**4. من کە لە کاتی خواردنی NorLevo® دا شیری خۆم دەدەمە منداڵەکەم، دەبێ چ بکەم؟**

لە گەڵ کارمەندانی دەواخانە ڕاوێژ بکە یا پرس بە دوکتۆر و مامان بکە.

**5. بێتوو پاش خواردنی NorLevo® بڕشێمەوە دەبێ چ بکەم؟**

بێتوو لە ماوەی سێ سەعات پاش خواردن، بڕشێیەوە پێشنیارت پێدەکرێ کە دەسبەجێ حەبێکیتریش بخۆی تا کارتێکەریی هەبێ. ئەمە بەم مانایەیە کە دەبێ بەستەیەکیتریش بکڕی تا بتوانی بە تەواوی درێژە بە موعالیجەکەت بدەی.

**6. ئاخۆ ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە پەیوەند لەگەڵ خواردنی NorLevo® دا، مرۆڤ خوێنڕێژیی تریش بکا؟**

لە حاڵەتی ئاساییدا خوێنڕێژیی زێدە نایەتە پێشێ بەڵام ئیمکانی شتی وا ڕەد ناکرێتەوە. کاتی بەخوێنبوونی دوایی هەندێ لە ژنان، چەند ڕۆژ پێش یا پاش کاتی چاوەڕوانی دەبێ. بێتوو هەر لە هەمان کاتی بەخوێنبووندا، چەندین جار حەبی NorLevo® بخورێ، مەترسیی ئاڵۆزی لە خوێنڕێژیدا زێدە دەبێ.

**7. پاش خواردنی NorLevo®، چۆن دەبێ حەبەکانی دژی سکپڕبوونم بەکار بێنم؟**

ئەگەر بۆ پیشگرتن بە دووگیانی، حەبی دژی سکپڕبوون دەخۆی دەبێ وەک ڕابردوو درێژەی پێبدەی. کارتێکەریی پارێزەریی حەبەکانی دژی سکپڕبوون بێتوو چیدی نەخورێن، ناتەواو دەبێ. هەر بۆیە بۆ تەواوکردنی کاریگەرییەکە، بەکارهێنانی کۆندۆم لە درێژایی هەفتەی پاشترت پێ پێشنیار دەکەین. ئەو ژنانەی حەبەکانی ناسراو بە مینیپیللر دەخۆن زۆربەی جاران بەخوێنبوونەکانیان ئاڵۆز و بێ ڕێسایە. ئەگەر حەبەکانی مینیپیللر دەخۆن دەبێ حەتمەن سێ چوار هەفتە پاش خواردنی NorLevo®، تێستی سکپڕبوون بکەن تا بتوانرێ پێشی دووگیانبوون بگیرێ.

**8. چۆن دەکرێ بزانرێ کە NorLevo® کاریگەریی هەبووە؟**

بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕوون بێتەوە کە سکت پڕ نییە دەبێ پاش سێ چوار هەفتە تێستی سکپڕبوون بدەی. ئەگەر بەخوێنبوونەکەت بەوەختە، بەڵام نائاسایییە یان پێنج ڕۆژ وەدوا کەوتووە، دەبێ حەتمەن تێستی سکپڕبوون بدەی.

**9. بۆ دیاریکردنی کاتی کۆنترۆڵ و ڕاوێژکاری دەربارەی کەرەسەکانی پێشگرتن بە سکپڕی، دەبێ بچمە کوێ؟**

لە سوید: لە گەڵ مامانی ناوەندی خزمەتە دەرمانییەکانی تازەلاوان، دایکان و بەشی منداڵداربوونی نزیک شوێنی ژیانت پەیوەندی بکە. ژمارە تەلەفۆنەکانی پێویست دەتوانی لە لاپەڕە پەمەییەکانی کاتالۆگی تەلەفۆندا بدۆزییەوە.

دانمارک: بێتوو دەربارەی پێشگرتن بە سکپڕبوون، ژیانی هاوبەش و کێشە جنسییەکان پرسیارێکت هەبێ دەتوانی بچییە ناوەندی خزمەتە دەرمانییەکانی شوێنی ژیانت، یا پەیوەندی بە یەکێ لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە بکەی:

- دەواخانە
- کۆمەڵەی سێکس و کلینیکی ڕاوێژکاری و پێشگرتن بە سکپڕبوون، ژمارە تەلەفۆنی 33 13 9113، بە ناونیشانی ئینترنێتیی http://www.sexogsamfund.dk
- خەتی سێکس بۆ تازەلاوان، ژمارە تەلەفۆنی2266 20 70، ناونیشانی ئینترنێتیی www.sexlinjen.dk
- www.netdoktor.dk

لە نەرویژ: بێتوو دەربارەی پێشگرتن بە سکپڕبوون، ژیانی هاوبەش و کێشە جنسییەکان پرسیارێکت هەبێ دەتوانی بچییە ناوەندی خزمەتە دەرمانییەکانی شوێنی ژیانت، یا پەیوەندی بە یەکێ لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە بکەی:

- تەلەفۆنی SUSS (ناوەندی مێرمنداڵان، ژیانی هاوبەش و کێشە سێکسییەکان) بە ژمارەی 866 33 800
- تەلەفۆن بۆ سلامەتیی جنسی بە ژمارەی 244 02 810
- کلینیکی ڕوونکردنەوەکانی جنسی بە ژمارەی 60 80 22 23

**10. چ ماوەیەک دوای تێپەڕینی پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو، دەکرێ حەبەکانی NorLevo® بەکار بهێنرێن؟**

NorLevo® دەبێ هەر چی خێراتر بخورێ، هەری باش لە مەودای دوازدە سەعاتدا و هەتا 27 سەعات (سێ شەو و سێ ڕۆژ) پاش پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراودا. هەرچی خورانی ئەم حەبە پاش پەیوەندیی جنسیی نەپارێزراو، زووتر بێ کاریگەرییشی گەلێ زیاتر دەبێ.

**11. ئایا زانیاری دەربارەی NorLevo®، بێجگە لە سویدی بە زمانەکانیتریش هەیە؟**

زانیاری دەربارەی NorLevo®، بە یازدە زمانی تریش هەن: ئینگلیزی، ئاڵمانی، فەرانسوی، فینلاندی، ئیسپانیایی، تورکی، فارسی، عەرەبی، بوسنایی_کرۆواسی_ سربی، کوردی (سۆرانی) و سومالیایی. ئەم زانیارییانە دەکرێ لە دەواخانە و ناوەندی خزمەتە دەرمانییەکانی مێرمنداڵان وەدەست بێنی. هەروەها دەکرێ لە سەر ئینترنێتیش بە ناونیشانی www.norlevo.nu زانیاریی پێویست بە زمانی دڵخوازی خۆی بخوێنییەوە.

**12. ئایا کارمەندانی دواخانەکان ئەرکی پاراستنی ڕازی خەڵکیان هەیە؟**

بەڵێ. کارمەندانی دەواخانەکان هەمیشە دەبێ ڕازپارێز بن. شێوەی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە وردی بخوێنەوە.

NorLevo® بەرهەمێکی تۆمارکراوی Nycomed.

**Nycomed AB**
**Box 27264, 102 53 Stockholm, Sverige.**
**Tel. (+46) 8 731 28 00**
**www.nycomed.se**

**Nycomed Pharma AS**
**P.O. Box 205, 1372 Asker, Norge.**
**Tel. (+47) 66 76 30 30**
**www.nycomed.no**

**Nycomed Danmark A/S**
**P.O. Box 88, 4000 Roskilde, Danmark.**
**Tel. (+45) 46 77 11 11**
**www.nycomed.dk**

**جار و بار دەبێ بیر لە دواهاتی کار بکرێتەوە...**